# كێن ئەوانەی چیرۆكەكانی خوا ئەنوسنەوە ؟

عەبدولا سلێمان (مەشخەڵ)

خودا ئەیوت تۆ بۆ هەراسانم ئەكەی
من كاتم كوا تاكو وێنەی سێبەرەكانی خۆم بكێشم
من كاتم كوا ڕۆمانەكانی دان براون بخوێنمەوە
من كاتم كوا فوو بەدەمی سارا و مریەمەكان بكەم
خوا ئەمجارە بەسەر پشتی قەیاغێكی شكاوەوە
دەیەوێ ئۆقیانوسی عەقڵ ببڕێ
بەسەر پشتی ڕەشەباوە دێت زیارەتی عیشق دەكات
خوا ئەمجارە ناسنامەكان ئەدڕێنێ و ستایلی خۆی ئەگۆڕێ
(I POD)ێكی بە گوێوەیە و
لەگەڵ هەر نەغمە گۆڕینێك
لەنجەیەكی بۆ دەكات و ورد ورد ئەڕوات
خودا ئیتر لە نێو كونی ئەشكەوتەوە نایەتە دەر
ئەو ئیتر (Lap Top)ی پێیە و
E.mail ئەكات بۆ فریشتە و بۆ جەللاجەكانی دۆزەخ
خودا ئیتر نامەی هیچ پێغەمبەرێك ناخوێنێتەوە
خودا دوو مەمكی قیت و پڕ شیری پێوەیە و
خەریكی وەرزش كردنە و ڕەجیم دەكات

*

خودا ئەیوت تۆ بۆ هەراسانم ئەكەی
لێم گەڕێ با پشوویەك بدەم
خودا تەنها لە ڕۆژەكانی یەكشەممە پشوو دەدات
دوای قاوەڵتی جگەرەیەك دادەگیرسێنێ و
بۆ كاتژمێرێك یاداشتی ئەو هەفتەیەی دەنوسێتەوە
چەند جار تورە بووە و

چەند جاریش لە ژوان دوواکەوتوە
کوێی لە گریانی کێ بووە و
چەند پەیامی تەلەفونی بۆ دانراوە
خوا هەموو جار لەدەفتەری یاداشتەکەی
دوو هێڵی تۆخ بە ژێر وشەی مەرگ دەکێشێ
لە لاپەڕە 88دا نوسیویەتی
ئەمڕۆ چوومە تڕای
تا مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل دەربهێنم
داخەکەم دەریان نەچواندم
لە لاپەڕە 97 دا هاتووە
گەر لێم بپرسن خۆشترین ڕۆژەکانی
تەمەنی لاویت لە کوێدا بەسەر برد
ئەڵێم زانکۆ"
خودا لەچەند شوێنێکی جیاوازدا بینراوە
- لەسەر ئەسپێك کەخەریکی شمشاڵ ژەنین بووە
- لە کەناری وڵاتێکی ئەورووپیدا لەگەڵ کوڕە هاوڕێکەی خەریکی وێنە گرتن بوونە
-ئەشڵێن لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵێکی ئاسمانی دەرکەوتووە و وەڵامی گەڕان بە شوێن وەڵامی پرسیارەکانی نهێنی گەردوون داوەتەوە
- بە نهێنیش هەروەك کچە شاعیرێکی کەنەدی لە بۆی نوسیبووم ئەیوت ئەڵێن "لە ناو بەلەمێکی بچووکدا خەریکی ماسی گرتن بووە"

*

خودا ئەیوت تۆ بۆ هەراسانم ئەکەی
ئەی نابینی خەریکی خواردنەوەی کۆنیاك و
گێراوەیەکی تێکەڵم
تێکەڵییەك لە ڕەنگ
تێکەڵییەك لە عیشق

تێکەڵییەك لە خیانەت
تێکەڵییەك لە گەورەیی
سواری با ئەبم و ئەڕۆم
لە دەرگاکان ڕاناوەستم
لە بازگەکان ناسنامەکەم دەرناهێنم
فوو بە کونی واژەی گەڵاکاندا ئەکەم
درەخت سکی پڕ ئەبێت
ئای کە هەراسانم ئەکەی
لێم گەڕێ با لە لوتفی میهرەبانی مانگەوە
نامەکانی تەنیایی خۆم بدڕێنم
با لە دادی ناسینەوەی تەورەکانی گوناهەکان
بچمە بەر مەقسەڵەی دادگای دارستان و
بچمە بەر ڕەحمەتی قانونی تۆڵەوە
وەی کە هەراسانم ئەکەی
چاوم لێیە ئاوازەکان بەر لە هاتنە دەرەوەیان لە کونی شمشاڵەکانەوە
تەعاهودی مردن پڕ ئەکەنەوە
کوژراوەکان
وێنەی سەر دیوارەکانی بەهەشت دەدڕێنن و
سەعاتێکی چاڵمە لەبەر دەرگای حەشر دائەنێن
بە قازمەی نائومێدییەوە قوژبنەکانی تاراوگە بنکۆڵ دەکەن
خودا ئەیوت ئەو سێبەرانە فرێ بدە
تا نەبونە بە پەڵەی تاریکی ڕەشی نێو شیعرێکی مەئیوس
ئەو باڵندانە ئاو بدە
تا لە قەفەسی گەمژەیی نەبونەتە ئێسك و پروسکی مێژوو
ئەو قەڵەمە نەعلەتییە بۆ ناشکێنی
وا چیرۆکە نهێنییەکانم ئەنوسێتەوە
تۆ بۆ هەراسانم ئەکەی

**من هەر خوام و**
**تۆش عەبدێکی یاخی و شەڕانگێز**
**بەڵام بە ئەندازەی فریشتەیەك زۆرزان.**

**ئۆگۆستی** 2006